# بۆ بەڕێز سەرۆکی کوردستان جەنابی کاک مەسعوود بارزانی

## بابەت: فیلمی بارزانی



فەخرەدین تاهیر



بارزانی　　　عومەر شەریف

ماوەیەی چەند هەفتەیەکە لەمیدیاکانی کوردستاندا،دەنگۆی ئەوە بڵاوکرایەوە کەگوایە فیلمێکی سینەمایی لەسەر ژیان و خەباتی سەرۆک مەلا مستەفای بارزانی نەمر بەبەرهەم دەهێنرێت.
ئەوەی شایەنی گوتنە هەواڵەکەمان لە ڕۆژنامەکانی پایتەختدا خوێندەوەولەکەناڵی تەلەڤزیۆنی زاگرۆسیشدا گوێبتست بووین. سیناریستی ناسراوی ئەمریکایی(مارک پیپلۆ) سیناریۆی فیلمەکەی نووسیوەتەوە و بڕیاریش وایە ئەکتەری سینەمایی میسری وجیهانی عومەر شەریف ڕۆڵی سەرۆک بارزانی ببینێت و دەرهێنەری میسری عەلی بەدرخانی بەڕەچەڵەک کورد کە نەزمانی کوردی دەزانێت و نەئاگای لەمێژووی سیاسی کورد و کوردستان و سەرۆک بارزانی هەیە،بڕیاروایە دەرهێنەری فیلمەکە بێت .

ئەم چەند دێرەی لە پێشدا ئاماژەمان پێیاندا هەمووی هەواڵی میدیاکانی هەولێری پایەختن،چونکە چەند ڕۆژێکە دەربارەی بەبەرهەم هێنانی فیلمی (بارزانی)بڵاودەکرێنەوە،کەگوایە لەئایندەیەکی نزیکدا ئەم فیلمە دیمەنەکانی وێنەی بگیرێت.

بەڵام لەبەر ئەوەی خۆم ساڵانێکی دوور و درێژە لە دونیای هونەر بەگشتی و شانۆ و سینەما بەتایبەتی ڕۆڵم چ لەکوردستان و چ لە دەرەوەی کوردستان بەتایبەتی هەبووە و لە دوو فیلمی کوردی سینەمایشدا وەک ئەکتەر بەشداریم کردووە و ساڵێکیش سینەمام لە دەرەوەی کوردستان خوێندووە و تا ئێستاکەش لە بواری هونەردا بەردەوامم و بێجگە لەمەش بە کاری ڕۆژنامەوانییەوە خەریکم، بەباشی دەزانم لەم بارەوە هەندێک هزر و دیدی خۆم بۆ بەرێزتان بخەمە ڕوو و بۆ ئەوەی ژیان و خەباتی (بارزانی) وەک مارشی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب)ی لێ نێت ، ئەگەر دەستەی بەیاسایی کردنی مارشی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب)لەلایەک و هەوڵ و هەڵوێستی نەتەوەییانەی بەرێزتان لەلایەکی دیکەوە نەبووایە، مارشی نەتەوەیی (ئەی ڕەقیب)یش بە ڕۆژی ڕووناک لەبەر چاوی هەموو نەتەوەی کورددا ئەنفال دەکرا، لەمەشیان بەرێزتان بوون نەتانهێشت مارشی نەتەوەیتمان بەزیندووی ئەنفال بکرێت.

ئێمە هەر چەندە لاریمان لەوەدا نییە ئەگەر سینەماکارێکی بیانی سیناریۆی ژیان و خەباتی(بارزانی)بنووسێتەوە و ئەکتەرێکی بەناوبانگی جیهانیش ڕۆڵی(بارزانی)ببینێت ودەرهێنەرێکی مەزنی جیهان ئەم فیلمە بەبەرهەم بێهنێت، بەڵام بەمەرجێک بە چ شێوەیەک ئەم فیلمە دروست بکرێت..؟

دەبێ ئێمە ڕێز لە گەورە پیاوانی نەتەوەکەمان بگرین، لە پێشی پێشەوەشدا،(بارزانی) یەکێکە لە سەرکردە مەزنانەی کورد و جیهان.

جەنابتان باش دەزانن گەڵێک سەرکردەی مرۆڤدۆستی جیهانی فیلمیان دەربارە دروست کراوە، بەڵام دوای لێتوێژینەوەیەکی دوور و درێژ، ئینجاش دوای تەواو بوونی ئەم فیلمانەش ڕەخنەی توونديان ئاراستەی سیناریست و دەرهێنەرەکان کراون.

ئەز بۆ بەرسڤی ئەم پرسەی سەرەوە لەلایەک و دیتن و بۆ چوونی خۆم لەم ڕووەوە بۆ جەنابتان بە چەند خاڵێکی گرنگ و هونەریانە دەخەمە بەر دەستی بەرێزتان بۆ ئەوەی ژیان و خەباتی( بارزانی)یش بەدەستی کەسانێک کەهیچ پەیوەندییان بەدونیای سینەماوە نییە،کەچی خۆیان لە هەموو شتێک هەڵدەقووتێنن نەکاری ئەوانە و نە پسپۆڕیشیان لەبواری سینەمادا هەیە.

ئەگەر خۆشەویستیم بۆ سەرۆک بارزانی نەمر نەبێت، هیچ پێویست ناکات ئێستاکە بێم نامەیەکی لەم جۆرە بۆ جەنابتان بنووسم. بەڵام هەوڵدەدەم هەنوکە پرس و ڕوونکردنەوەکەم لە چەند خاڵێکدا بۆ جەنابتان بە چەند وەڵامێکی کورت و پوخت بەباشی چڕبکەمەوە.

1– دەبێ پێش هەموو شتێک بزاندرێت کە کام قۆناخی ژیان و خەباتی( بارزانی)دەکرێت بەفیلم، ئەگەر قۆناخی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان لەمەهاباد و تا پەڕینەوەیان لە ڕووباری ئاراس بۆ سۆڤیەت بێ ، ئەوە بارزانی ئەو دەمە تەمەنی لە نێوان ساڵانی(42–44)ساڵی دا بووە. لەو حاڵەتەدا هونەرمەندی سینەماکاری میسری و جیهانی عومەر شەریف ئێستاکە تەمەنی لەسەرووی حەفتا ساڵاندایە و لە ڕووی بەژن و باڵا ودەموچاو وسیمای لەگەڵ(بارزانی)دا ناگونجێت و دەکرێت ئەکتەرێکی گەنج بە میکیاج پیر بکرێ، بەڵام قەد ناکرێت ئەکتەرێکی پیر گەنج بکەیتەوە.

2– ئەگەر قۆناخی پەڕینەوەی وگەڕانەوەی (بارزانی)ولەشکرە ئازاکەی بێ، دیسان تەمەنی (بارزانی)لە نێوان ساڵانی(44–55)دا بووە، لەمەشیاندا هەر هونەرمەند عومەر شەریف ئێستاکە تەمەنی لە( بارزانی)مەزنترە. جارێ هونەرمەندعومەر شەریف بە هیچ شێوەیەک ئەو دوو قۆناخەی(بارزانی) لەڕووی تەمەن و بەژن و باڵاوە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵیدا یەکناگرێتەوە.

3- ئەگەر مەبەست لە قۆناخی ژیان و خەباتی (بارزانی)لەنێوان ساڵانی(1974-1979)دا بێت،دیسان هەر هونەرمەند عومەر شەریف لەوانەیە لە ڕووی تەمەنەوە لەگەڵ(بارزانی)دا ، یەکبگرێتەوە، بەڵام دیسان هەروەک لە پێشدا ئاماژەم پێداوە کاراکتەری هونەرمەند عومەر شەریف بە هیچ شێوەیەک ناکرێت و نابێ ڕۆڵی (بارزانی) ببینێت و ئەم قۆناخەش لە ڕووی سیاسییەوە بۆ کەسایەتی سەرۆک بارزانی نابێ، چونکە نسکۆی شۆڕشی(1975)کارەساتێکی گەورەیە بۆ کورد بە گشتی بۆ سەرکردەیەکی وەک بارزانی بەتایبەتی ، دەبێ قۆناخێکی گرنگ و بەرچاوی ژیانی سیاسی و شۆڕشگێری بارزانی بێ، کە مەزنتری ڕۆڵی تیدا بینیبێت.

4- دەربارەی نووسینەوەی سیناریۆی ژیان و خەباتی (بارزانی) تەنیا لە ڕووی هونەری سیناریۆنووسین لەوانەیە سیناریۆنووسی ئەمریکایی(مارک پیپلۆ)دەرەقەتی نووسینی بێت، بەڵام دەبێ کۆمەڵێک مێژوو نووسی کورد و سیاستناس و کۆمەڵناس و دەروونناسی کوردستان و ..تاد، هاوکار و پشتیوانی و بەشداربیان لەگەڵ سیناریۆنووسە ئەمریکاییەکە هەبێ.

5- دەربارەی دەرهێنەری میسری بەڕەچەڵەک کورد عەلی بەدرخان کە نیازوایە بەرێزیان فیلمی (بارزانی) دەربهێنێت، پێویستە چەندان یاریدەدەری هونەری و مێژووی سیاسی کورد و کوردستانی لەگەڵدا بێت و...تاد،ئەگەرنا ئەویش ناتوانێت ئەم پڕۆژە مەزنە بە سەرکەوتوویی بەکۆتا بهێنێت.

6- لەکۆتاییدا داوا لە بەرێزتان دەکەم هەر بەسەرپەرشتی جەنابتان پێش ئەوەی پڕۆژەی فیلمی (بارزانی) دەست پێ بکات، با کۆنگرەیەکی هونەری و مێژوویی بۆ بەبەرهەم هێنانی ئەم فیلمە بە ئامادە بوونی زانایانی کورد و بیانی لە بواری مێژوویی و هونەریی و سیاسی و ..تاد، بەشدار ببن و بە ووردی و بەدیقەت هەموو ڕەهەندەکانی ژیان و خەباتی کوردایەتی و شۆڕشگێری سەرۆک بارزانی توێژینەوە و شرۆڤەی ئەو هەموو پێشمەرگە و کەسایەتییە نزیکەکانی بارزانی بکرێت کە لە قۆناخێک لە قۆناخەکانی ژیانیدا لەگەڵی بوون. لەم دەرفەتەدا بە پێویستی دەزانم قۆناخی سەردەمی ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و پەڕینەوەیان لە ڕووباری ئاراس و هاتنەوەیان بۆ عێراق و کوردستان،کەیەکێکە لەقۆناخە گرنگ و مێژووییەکانی( بارزانی)، ئەگەر ئەو قۆناخە دەستنیشان کرا بێت ،گەرەکە بۆ سەرکەوتنی ئەو پڕۆژەیە بیر لە سیناریۆنووس و دەرهێنەرێکی ڕووسی و چەند ئەکتەرێکی سۆڤیەتی بکرێتەوە، بۆیەش دەڵێم سۆڤیەتی چونکە بارزانی و لەشکرەکەی نزیکەی(11)ساڵ زێدەتر لە چەند کۆمارێکی سۆڤیەتی ئەوسا ژیاون. ئەز و سینەماکاری کورد مەهدی ئومێد بۆ بەرهەم هێنانی فیلمی (توونێل)لەساڵی (1992)دا، چەند مانگێک لە سۆڤیەت بووین،ڕۆژێکیان لەستۆدیۆی مۆسفیلمی شاری مۆسکۆ بووین، ئەکتەری بەناودەنگی سۆڤیەتی بەڕەچەڵەک ئەرمەنی کە ناوی (جەگەرخەنیان)ە، و شێوەو سیمای دەموچاو و بەژن وبالاشی ڕێک وەک بارزانییە، ڕێزی زۆریشی بۆ بارزانی هەیە، لەکۆتایی مانگی ئابی ساڵی (1992)دا بوو، لە هەمان شوێن لە مۆسفیلمی شاری مۆسکۆ بینیمان بە من و کاک مەهدی ئومێدی گوت:(بۆ من شەرەفێکی گەورەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕۆڵ لە فیلمێکدا ببینم باس لە ژیان و خەباتی سەرۆک بارزانی بکات.چونکە من مێژووی سیاسی و خەباتی بارزانی باش دەزانم).

بۆیە لێرەدا پێشنیاز بۆ جەنابتان دەکەم ، بیر لەو قۆناخە بکرێتەوە کە بارزانی و لەشکرەکەی چوونە سۆڤیەت و تا گەڕانەوەیان کە یەکێکە لە قۆناخە هەستیار و پڕ تراژیدیاکانی خۆی و لەشکرەکەی.ئەگەر ئەوەمان نەکرد ناتوانین روحی (بارزانی) و هەڤاڵەکانی شاد بکەین. ئومێدەوارم ئەم چەند پێشنیار و ئاخاوتنانەی بەندە بۆ بەرێزتان ببێتە بنەمایەک بۆ ڕێزلێنان لە ژیان وخەبات و مەزنی (سەرۆک بارزانی) نەمر و بەهیوای سەرکەوتنی پڕۆژەی فیلمی (بارزانی) بەمەرجێک دیسان وەک (ئەی ڕەقیب)ی

ڵێ بەسەر نێت هەروەک لە دەستپێکدا چەند جارێک ئاماژەم پێداوە، با ئەمەشیان بە میزاجی کەسێک یان دووان نەبێ، کە بە ناشارەزایانە دەست بدەنە کارێکی وا مەزن کە کاری ئەوان نییە..!

سەرنج: ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی کوردستان راپۆرت لە هەولێرلە ڕێکەوتی(2007/2/28)دا بڵاوکراوەتەوە و لەلایەن سەنتەری بڕیاربەدەستەوە لە سەرۆکایەتی کوردستاندا وەڵامێکی پۆزەتیڤیانەیان بۆئەم نووسینەم هەبوو، وا دیارە لەلایەن سەرۆکایەتی کوردستاندا بە هەندیش وەرگیرا و زۆر سوپاسیان دەکەم.بەڵام بەباشی دەزانم نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندانی سینەماکارانی دەرەوە و ناوەوەی کوردستان لەم ڕووەوە بێ دەنگ نەمێننەوەو هەڵوێست وەربگرن و نووسین و بابەتی گرنگ و بەرچاو لەم ڕووەوە بڵاوبکەنەوە و با چیدیکە مێژووی نەتەوایەتی نەنەوەکەمان گەمە و بازرگانی پێوە نەکرێت، هەر چەندە ئەمە دوا نووسینم نابێ دەربارەی ئەو کێشەیە و زێدەتری لەسەر دەنووسم وهیواداریشم ئێوەی خوێنەرانیش لەم ڕووەوە بێدەنگ نەمێننەوە.